هەرسە یاسا مشتومڕاویەکان لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاودەکرێتەوە

هەرسێ یاسای هەمواری یاسای باری کەسی و لەبوردنی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراق بڵاوکرایەوە و خرایە بواری جێبەجێ کردن.

ئەمڕۆ سەشەممە هەرسێ یاسای ژمارە (3-2-1)ـی ساڵی 2025ـی تایبەت بە هەمواری یاسای باری کەسی و لەبوردنی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس لەڕۆژنامەی وەقایعی عێراق بڵاوکرایەوە و خرایە بواری جێبەجێ کردن.

جێبەجێکردنی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس بە کورد گرنگە بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری زەوی جوتیارانی کورد لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان دەستی بەسەردا گیراوە و ڕێگە نادرێت کاری تیادا بکەن.

سەران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە هەژماری تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە، "یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2025 یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی بەعسی لەناوچو، گەلانەوەی زۆری و زار بە خاوەنەکانیان، چوەبواری جێبەجێکردن و لە وەقایعی عێراقی بڵاوبوەوە".